کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
17-10-2007 1:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**تۆپبارانکردنی گوندەکانی باشووری کوردستان لەلایەن تورکیاوە ریسوا دەکەین**

کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!

وڵاتپارێزان و سەربەخۆخوازان!

ماوەیەک بوو سەرانی دەوڵەتی تورکیا لە لێدوانەکانی خۆیان دا هەڕەشەی لەشکرکێشیان بۆ باشووری کوردستان دەکرد، بەمافی خۆیان دەزانی دەست لە کاروباری ناوخۆی باشوور و کێشەی کەرکوک وەربدەن، هەندێجاریش هەڕەشەو گوڕەشەکانی خۆیان بە هەبوونی بنکەو بارەگاکانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەنێو خاکی باشووری کوردستان دا گرێ دەداو داوایان لە ئەمریکا دەکرد هاوکاریان بکات، وێڕای ئەوەی لەلایەن ئەمریکاوە هیچ وەڵامێکی ئەرێنی وەرنەگرتۆتەوە و هۆشیاریش کراوەتەوە، کەچی ئەمە چەند رۆژێکە سوپای تورکیا کوێرانە دەستی بە تۆپبارانکردنی گوندەکانی پارێزگای دهۆک کردووە، بەگوێرەی هەواڵەکان زیانێکی گەورەی ماددی بە دانیشتووانی گوندەکان گەیشتووە، زۆربەیان ناچاربوونە کە زێد و ئاوایی خۆیان جێبهێڵن. لەلایەکی دیکەشەوە سوپای تورکیا خۆی بۆ ئۆپەراسیۆن و لەشکرکێشی ئامادەکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش دوێنێ 2007/10/15 لە کۆبوونەوەیەکدا ئەنجوومەنی وەزیرانی دەوڵەتی تورک ئیمزای لەسەر پڕۆژەبڕیاری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژ بە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کردووە، بۆ پەسەندکردنیش رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی وڵاتەکەی کردووە، راستیەکەی ئەم لەشکرکێشیە بەپاساوی هەبوونی بنکەکانی گەریلاکانی پەکەکە جۆش دەدرێن، بەڵام بۆ لێدانی دەستەکەوتەکانی باشووری کوردستانە کە تورکیا بەمەترسی بۆ سەر داهاتووی خۆی لێکی دەداتەوە، بۆیە ئێمە لە کاتێکدا هەڕەشەکانی سەرانی تورک و تۆپبارانکردنی گوندەکانی باشووری کوردستان لەلایەن سوپای تورکەوە ریسواو مەحکوم دەکەین، لەهەمان کاتدا دڵنیاین کە سەرانی تورک لە لێکدانەوەی دۆزی رەوای گەلی کوردستان دا هەڵە دەکەن و ناکام دەمێننەوە. ئێمە پێمانوایە کە لەشکرکێشی ئەمجارەشیان وەکو جارەکانی دیکە برینەکانی ئەوان سارێژ ناکات، نەک خەون و بەرژەوەندەکانی ئەوان ناپارێزێ، بەڵکو بەزیانیش تەواو دەبێ، چونکە نەک هەر پارتی کرێکارانی کوردستان و بزاڤی رزگاریخوازی باکووری کوردستان لەنێو ناچن، بەڵکو یەکێتی نەتەوەیی لەنێو کوردستانیان دا بەهێزتر دەکات، هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە دەورەی گوتاری بەرگری و بەرخۆدان لە دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان دا کۆدەبنەوە، کوردستانیان پڕهیواتر لە داهاتووی نیشتمانەکەیان دەڕوانن و لێبڕاوانەتر لە دژی لەشکرکێشی تورکیا سەنگەر دەگرن.

ئێمە لێرەدا هەم داوا لە ویژدانی زیندووی گەلانی ئازادیخواز، رای گشتی دەوڵەتان و هێزە پێشقەڕۆکانی تورکیا دەکەین کە گوشارەکانی خۆیان بۆ سەر حکومەتی ئەنکارا چڕ بکەنەوە و هاوسۆزی لەگەڵ دۆزی رەوای کوردستان دا بنوێنن، هەم هۆشیاری بە دەوڵەتی تورکیا دەدەین و سەرنجی بۆ ئەو ئاکامە خراپە رادەکێشین کە بەهۆی کەللەڕەقی و پاوانخوازییەوە وەگیری دەکەوێ.

سەرکەوێ خەبات لەپێناو نیشتمانێکی سەربەخۆ.

هەرەس و ریسوایی بۆ داگیرکەران.

- حزبی رزگاریی کوردستان
- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
- پارتی سەربەستیی کوردستان
- یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان

2007-10-16

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.